


# وردە قسەی زل

+ ژن ئەو کێڵگەی مینەیە کە خەریتەکەی ون بووە.
+ لەعنەت لەو رابردووەی کە رانەبردووە.
+ بەس بچوک ئەزانێت گەورە چەند زاڵمە.
+ فرمێسک چاوی ژن جەلایی ئەکات.
+ زلکردنی پیاوی بچوک غەلەتە، لەو غەلەتتر بچووککردنەوەی پیاوی گەورەیە.
+ ئەگەر ئەتەوێ حەقیقەت بزانیت، گوێ لە قسەی خەڵکی بگرە لە عانی تورە بوونا.
+ هەندێ کەس خۆیان ئەکەن بەقوربانی بیرو باوەڕەکانیان، هەندێ کەسیش خەڵکی تر.
+ کەس لەلای دەلاك بە موڕتاحی نەهاتۆتە دەرێ.
+ کەرێتی لە شەیتان خراپترە، چونکە شەیتان بەعزە جارێك وازت لێ دێنێت.
+ زگورتی کوڕی باوکی خۆیەتی، خێزاندار نە کوڕەو نە ملکی باوکی خۆیەتی.
+ ئاقڵ ئەوەیە کە بزانێ چی ئیهمال بکات.
+ دەرمانی سیحریی بەو دەرمانە ئەگوترێ کە لە هەموو دەرمانخانەکاندا یەك سیعری هەبێت.



# تەفسیری شیعر

خۆش لەسەر سینەی سەری هەڵداوە دوو گۆی سەر بەمۆر
ماتو حەیرانم کە چۆن عەرعەر هەناری گرتووە
-نالی-

**تەفسیری ئیداری:**

خۆش: چاك
سینە: کابینەی شەشەم
سەری هەڵداوە: ناوی هاتۆتەوە بۆ وەزیری
دوو: مەجموعەیەك
گۆ: وەزیر
عەرعەر: سەرۆکی حکومەت
هەناری گرتووە: زەلامی وای داناوە

**تەفسیری مروری:**

خۆش: فلق
سینە: جادەی سالم
گۆ: پرد
سەر بەمۆر: تەسكو تروسك
عەرعەر: خەڵك
هەناری گرتووە: بەوانە ئەڵێن پرد

**تەفسیری سیاحی:**

خۆش: لە هیچی نەبوو
سینە: شارە حەیاتە قوربەسەرەکە
سەری هەڵداوە: خەریکە تەواو ئەبێ
گۆ: ئوتێل
سەر بەمۆر: حەوت ئەستێرە
عەرعەر: ئەو دەولەمەندە حەکیمانە
هەناری گرتووە: پارە لە شتی وا بێمەعنایا خەسار ئەکەن

**تەفسیری حزبی:**

خۆش: مودەتێکە
سینە: یەکێتی
دوو: سێ
گۆ: گرد
ماتو حەیرانم: ماتو حەیرانین
عەرعەر: دەسەڵاتداران
هەنار: سەنگەری ئۆپۆزیسیۆن